# لە یادی یەخسیر کردنی هەڤال ئۆجەلان

## د.کەمال سەید قادر

عبداللە ئۆجەلان، نێلسۆن ماندێلا، پاتریس لۆمومباو شێ گیڤارا تەنها دەستەیەکن لەو کەسایەتی یانەی کەوا مێژوی مرۆڤایەتی هەتا هەتایە پێ یانەوە سەربەرزە وەکو مرۆڤانی لە خۆبوردو کەوا هەمو ژیانی خۆیان بۆ ئازادکردنو بەختەوەرکردنی گەلانی خۆیان یاخود گەلانی تر تەرخان کرد وە بوێرانە بەرەنگاری کوێلەیاتی و چەوساندنەوە بونەوە.

تەنها ناوهێنانی ئەم جۆرە سیمبۆلانەی مرۆڤایەتی ترسو تۆقین دەخاتە دلی هەمو کوێلەچیو چەوسێنەرەوەو مشەخۆرو هەلقە لە گوێو چاوچنۆکێک. بۆیە ئەم جۆرە لایەنانەی کەوا جێ ی پەنجە چلکنەکانیان لە سەر لاپەڕەی مێژوی مرۆڤایەتی بۆتە ماکێکی شەرمەزاری بۆ هەمو مرۆڤایەتی هەردەم ئەگەر هەستیان بە سەرهەلدانی مرۆڤێکی ئازادی خواز کرد ئەوا دەستە چلکنەکانیان دەخەنە سەریەک بۆ ئەوەی لە تاریکیا هەلێک بدۆزنەوە وە گورجێک لە مرۆڤایەتی بوەشێنن.

نێلسۆن ماندێلا بریاری دا بەرەنگاری هەمو ڕەگەزپەرستو کوێلە چی یەک ببێتەوە بۆیە ئەمانیش هەمویان وەکو کەمتیار دەوریان گرت بۆ ماوەی 28 سال خستیانە ژێرزەمینێکەوە. نێلسۆن ماندێلا کە ڕەگەزپەرستەکانی خواروی ئەفریقیا لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردو هەستایان کرد کەوا دەستی لە خنخنۆکەیان ناوە وە بەرامبەری بێ دەسەلاتن کەوتنە پلانگێڕان بۆ لە ناوبردنی بۆیە نێلسۆن ماندێلا ناچاربو کاری نهێنی هەلبژێرێت ئەمجارەیان ڕژێمی ئەفریقیای خوارو هەر بە تەواوەتی نائومێد بو بۆ ڕزگاربون لە دەستی بۆیە هانایان بۆ دۆستەکانیان برد. دەزگای جاسوسی سی ئای ئەی ئەرکی ئەنجامدانی ئەم تاوانەی گرتە ئەستۆی خۆی وە کەوتە شوێن نێلسۆن ماندێلا. پاش هەڤدە مانگ لە گەڕان بە دوایا سی ئای ئەی توانی لە ڕێگای بە کرێگیراوێکی لە ناو بزوتنەوەی کۆنگرێسی ئەفریقی شوێنو چۆنیەتی هاتوچۆکردنی نێلسۆن ماندێلا دیاری بکات کەوا لە ناوچەیەکی دەشتی لە ژێر پێناسەی شوفێرێکی ئۆتۆمۆبێل خەریکی کاری نهێنی یە. سی ئای ئەی یەکسەر ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئەفریقیای خواروی ئاگادار کردەوە وە توانیان لە ئابی 1962 دەستگیری بکەن. ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمسی ئەمریکی لە ژمارەی 23.7.1986 دا بۆ یەکەم جار لە سەر زاری کۆنە ئەفسەرێکی سی ئای ئەی ئەم تاوانەی ئاشکرا کرد.

نێلسۆن ماندێلا پاش دەستگیرکردنی بو بە سیمبۆلی ئازادی و ماکێکی شەرمەزاری لە سەر نێوچەوانی هەمو ڕەگەزپەرستێک وە لە کۆتاییدا لە زیندانیش بە سەر ڕەگەزپەرستەکان زالبو. کە لە سالی 1990 ئازادکرا لە گەل ئازادکردنی ئەوا هەمو کوێلەکانی خواروی ئەفرقیاش ئازاد بون.

ئۆجەلانیش ئێستا لە زیندانە تەنهایەکەی بۆتە سیمبۆلی ئازادی هەمو میللەتانی چەوساوە وە زیندانی کردنەکەشی مایەی شەرمەزاری یە بۆ هەمو شوڤینی یەکو چەوسێنەرەوەیەک وە ڕۆژێک دێت ئەمیش هەروەکو نێلسۆن ماندێلا لە زیندانەکەی بە سەر شۆڤینی یەت زال دەبێ وە ئازاد دەکرێ لە گەل ئەمیش هەمو میللەتی کورد.

پاتریس لۆمومباش توانی میللەتی کۆنگۆ لە ژێردەستی کۆلۆنیالیستی بەلجیکا ڕزگار بکات بەلام ئەم تەنها لە سنوری ئازادی و سەروەری سیاسی نەوەستا بەلکو وویستی میللەتەکەی لە دەست نەخۆشیو برسێتیو

**چەوسانەوەی ئابوریش ڕزگار بکات وە کۆمپانیا بیٚ یانی یە زلەکان کەوا دەستیان بە سەر دەرهێنانی ئەلماس لەم وولاتەدا گرتبو خۆمالی بکات. بۆیە چاوچنۆکو لاوورگەکان لیٚ ی بون بە گورگ هەریەکەیان لای خۆی هەلی دا تاوی بداتیٚ. سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکی ئایزنهاور لە دانیشتنێکیدا لە گەل ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی لە کۆتایی 1960 فەرمانی بۆ دەزگای سیخوڕی سی ئای ئەی دەرکرد کەوا پاتریس لۆمومبا بکوژن. ئەوەبو چەند مانگێکی نەبرد دەزگای سیخوڕی سی ئای ئەی توانی لە 17.1.1961 بە هاوکاری لە گەل چەند بە کرێگیراوێکی کۆنگولی دەستگیری بکات ئینجا لە ناوی بەرێت. پاتریس لۆمومبا لە نێوبرا بەلام بۆ هەمیشە زیندو کرایەوە وە هەتا هەتایە وەکو سیمبۆلی ئازادی دەمێنێتەوە لە مێژودا وە دکتاتۆری هەلقە لە گویٚ مۆبوتۆ کەوا شوێنی ئەوی گرتەوە میللەت ئەوەندە ڕقی لیٚ ی بو کەوا لە پاش ڕاونانی پێش مردنی ڕوی کردە وولاتی مەغریب وە لە پاش مردنی لە گۆڕێکی نەناسراو شێردرایەوە. هەر دکتاتۆرو نۆکەرو هەلقە لە گویٚ یەکی تر چارەنوسی لە مۆبوتۆ باشتر نابێت.**

**گیڤارا ئەوەندە لە خۆ بوردو بو هەمو ژیانی خۆی تەرخان کرد لە پێناوی ئازادکردنی میللەتانی تر. هەتا کوبا ڕزگاری بو پێشمەرگەیەکی بەرەی ڕزگاری خوازی کوبی بو. لە پاش ڕزگارکردنی کوبا پۆستی وەزاری بە لاناو ڕوی کردە بۆلیڤیا بۆ ئەوەی یارمەتی میللەتی بۆلیڤیش بدات. ڕژێمی بۆلیڤی کە هەناسە بڕبو ئەمیش هانای بۆ سی ئای ئەی برد: ئەگەر نەمانگەنیٚ وەکو کوبامان لیٚ دێت. سی ئای ئەی هەروەکو یەکێک لە دۆکومێنتەکانی ئەم سازمانە پشانی دەدات کەوا ئێستا بلاو کراوەتەوە تیمێکی تایبەتی نارده بۆلیڤیا بۆ لە ناوبردنی گیڤارا. فەرمانی سی ئای ئەی بۆ تیمەکە زۆر ڕون بو: گیڤارا بکوژن لە ناوی بەرن هەتا ئەگەر بە دیلیشتان گرت هەر بیکوژن بەلام گوللەی لەدەموچاوی مەدەن تاکو وا دیار نەکەویٚ کەوا لە ڕووبەڕوبونەوەی چەکدارانە کوژراوە.**

**گیڤارا بە هێزێکی پازدە کەسی یەوە توشی کەمینێکی زیاتر لە یەک هەزار کەس بو کەوا سی ئای ئەی سەرپەرشتی دەکرد وە پاش ڕووبەڕوبونەوەیەکی مەردانە بە برینداری دەستگیریان کرد بەلام هەروەکو لە فەرمانەکەی سی ئای ئەی هاتبو بە دیلی شەهیدیان کرد.**
**وایان زانی لە ناویان برد کەچی هەزارەها گیڤارای تری لیٚ کەوتەوە یەکێک لەوان عبد الله ئۆجەلانە.**

**عبدالله ئۆجەلان کوڕی خێزانێکی سادەو هەژاری کوردە دەبینێت کەوا میللەتەکەی وا خەریکە بۆتە جەستەیەکی ساردو سڕ زمانی بڕاوە پێناسەی شێواندراوە وە ئەگەر وا بمێنێتەوە مەترسی لە سەر مانی هەیە. ئۆجەلان ئەو کەسە بو ئەم جەستە ساردو نیمچە مردوەی جارێکی تر ڕاستکردەوە بە زمانی هێنایەوە کەوا بە شانازی یەوە بلێت : ئەز کرمانجم شانازی بە پێناسەی خۆم دەکەم. ئۆجەلان فوی کردە گیانێکی وا سڕو بە هۆش خۆی هێنایەوە، فێری کرد باوەڕ بەخۆی بکات و ئەفسانەی گەورەترین هێز لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بشکێنێت، ئەم جەستەیە لە جەستەیەکی نیمچە مردوەوە ئەمڕۆ بۆتە جەستەیەکی پۆلایین وە هەرکە دەدوێت بە ووشەکانی ئۆجەلان دەدوێت. کێشەی یەک میللەت زیندو بوەوە وە ئێستا کیٚ هەیە لەم جیهانە دوو ووشە نەزانیٚ، کوردوستانو ئۆجەلان. هەرچی میللەتی کورد تا ئێستا بە دەستی هێناوە لە کوردوستانی باکوڕ سەرچاوەکەی لەوە دەستی پیٚ کردوە کەوا ئۆجەلان ئەم جەستە کوردی یە سڕکراوو پێناسە پێشێلکراوەی جارێکی تر ڕاستکردەوە.**

**بۆیە شەمشەمەکوێرەکان دیسان لە دەرفەتێک گەڕان کەوا خوێنێکی نویٚ ی ئازادی بمژن. کێن ئەم هێزانە ئەگەر هەر هەمان ئەم هێزانە نەبن کەوا نێلسۆن ماندێلایان خستە زیندانو گیڤاراو پاتریس لۆمۆمبایان دایە**

بەر قەمەکانیان. بەلام ئەمجارەیان دیارە دەزگای جاسوسی سی ئای ئەی باوەڕی تەواوی بە خۆی نەبو کەوا بتوانێت بە تەنیا گورزێک لە پێشمەرگەیەکی وەکو ئۆجەلان بوەشێنێت بۆیە پەنای بۆ مۆسادی ئیسرائیلیش برد. ئیسرائیلێک کەوا لە سەر قسەی گەورە ئەفسەرانی پێشوی مۆساد ڤیکتۆر ئۆستروڤسکی بۆ ماوەی چەند سال بو بە دوای ئۆجەلانەوە بو تاکو بەرامبەر بە تورکیا ئالوگۆڕی بازرگانی پێ بکات. بە هەمو لایەنێکیان زۆر نامەردانە لەم وولات بۆ ئەم وولات دەربەدەریان کرد تاکو بە پێ ی پلانێکی داڕێژراو ئاوارەی وولاتی کینیا یان کرد کەوا بنکەی سەرەکی دەزگای جاسوسی ئەمریکی و ئیسرائیلی یە. ئنجا لەوێ لە ڕۆژی **15.2.1999** گورجی نامەردانەیان لێ وەشاند پاش ڕفاندنی دایانە دەست جەندرمەکانی تورک تاکو ئەمیش ڕێگای نێلسۆن ماندێلا بگرێتە بەر. هەمیشە ڕێگەی نێلسۆن ماندێلایە چونکە ئۆجەلانیش بە سەر بەرزی و لە سەر شانی جەماوەری ئازادکراوی کوردوستان لە زیندانەکەی بە سەربەرزی دێتە دەرەوە .
ڕۆژنامەی نیۆرک تایمسی ئەمریکی هەر چەند ڕۆژێک پاشی تاوانی ڕفاندنی ئۆجەلان لە ژمارەی ڕۆژی **20.2.1999** هەوالێکی بلاو کردەوە کەوا سی ئای ئەی ڕۆلی سەرەکی بینیوە لەم تاوانەدا. ڕۆژنامەی ناسراوی واشنگتۆن پۆستیش لە ژمارەی ڕۆژی **21.2.1999** بە هەمان شێوە ئەم هەوالەی بە ڕاست خستەوە.
کە ئیسرائیلی یەکانو ئەمریکی یەکان بەشداربونە لە چەوساندنەوەی میللەتی کورد لە کوردوستانی باکوڕ شتێکی شاراوە نەبوە بەلکو ڕۆژنامەنوسی ناسراوی ئەمریکی ولیام سافایر لە **5.2.1999** واتە دەڕۆژ پێش ڕفاندنی ئۆجەلان لە ڕۆژنامەی هیرالد تریبۆن دەنوسێت: ئیسرائیل هەردەم پالەپەستۆی دەخستە سەر ئەمریکا بۆ ئەوەی فڕۆکەی جەنگی ئەپاشی بفرۆشێ بە تورکیا بۆ لێدانی کوردەکان.

ڤیکتۆر ئۆستروڤسکی کۆنە ئەفسەری دەزگای جاسوسی ئیسرائیل لە بابەتێکی دورو درێژی لە سەر هەلوێستی ئیسرائیل بەرامبەر بە کورد دەنوسێت کەوا مۆساد هەردەم لە ڕێگای دەزگا ئەلەکترۆنی یەکانی دەیزانی ئۆجەلان لە چی شوێنێکە وە هەولی دەدا هەلێک بدۆزێتەوە کەوا ئۆجەلان بکاتە کارتێک بەرامبەر بە تورکیا بە کاری بێنێت تاکو توانی چەند ڕێککەوتننامەیەکی سەربازی لە گەل تورکیا مۆر بکات ئینجا کەوتە پلان گێران لە ئۆجەلان تاکو بەو ئەنجامەی گەیاند.

دەبێ ئەم هۆکارانە چی بن کەوا وا بکەن وولاتێکی وەکو ئەمریکا کەوا پڕۆپاگەندەی ئەوە دەکات پاسەوانی ئازادی و مافی میللەتان بێت کە چی ببێتە لایەنێک لە چەوساندنەوەی میللەتی کورد؟ یاخود ئیسرائیل کەوا میللەتی جولەکە دەپارێزێت پاش ئەوەی ئەم میللەتە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار سال لە سەرتاپای جیهان ڕاونراو زیندە بەچال کرا هەلسێ بەشداری لە زیندانی کردنو چەوساندنەوەی میللەتێکی تری وەکو کورد بکات؟
ئیسرائیلو ئەمریکا ئێستا پیرۆزیان بێت کەوا میللەتی تورک بەم جۆرە هەلسوکەوتیان لە گەل دەکات. ڕاپرسەکان وا پشان دەدەن کەوا نزیکەی **90%** هاوولاتیانی تورکیا دژ بە سیاسەتی ئەمریکاو ئیسرائیلن وە حەقیشیانە چونکە دەزانن ئەگەر لایەنێک بازرگانی بە میللەتێکی داماوی وەکو میللەتی کورد بکات ئەوا بەیانی بازرگانی بە میللەتی تورکو میللەتانی تریش دەکات.

لە زیندانی کردنی ئۆجەلانیش هیچ لایەنێکیان سودمەند نەبون وە لە ڕسوابون زیاتر هیچیان بۆ نەمایەوە چونکە ئەمڕۆ ئۆجەلان بۆتە سیمبۆلی ڕزگاربونی میللەتێک کەچی تاوانباران ناویان لە سەر هەمو زارێکە وە نوزەی دایکی هەزارەها شەهید کاسی کردون.

هەتا بە ناودادگایی کردنەکەشی بووە هۆیەک بۆ ڕسوا کردنی سیتەمی دادگایی تورکی.

باشترین بەلگەنامەش بۆ ئەم ڕاستی یە بڕیاری دادگای ئەورپی بۆ مرۆڤە کەوا لە 14.3.2003 دەری کردوە سەبارەت بە داواکاری یەکی ئۆجەلان کەوا پێشتر لە سەر ڕفاندنو دادگایی کردنەکەیو حوکمەکەی پێشکەشی بەم دادگایە کردبو.

دادگای ئەورپی بۆ مافی مرۆڤ لە بڕیارە دورو درێژەکەیدا کۆمەلێک بڕیاری دا کەوا گرنگترین خالەکانی ئەمانە بون:

1. دادگای ئەورپی بۆ مافی مرۆڤ بڕیار دەدات کەوا ئەم دادگا تورکی یەی بە ناوی دادگای ئاسایشی نەتەوەیی کەوا بەڕێز ئۆجەلانی دادگایی کردوە بە پێ ی مادەی 6 لە ڕێککەوتننامەی ئەورپی بۆ مافی مرۆڤ بە دادگا داناندرێت چونکە مەرجە سەرەکی یەکانی دادگای بە پێ ی مادەی 6 تیا بە دی ناکرێت. ئەم دادگایە نە سەربەخۆیەو نە بێ لایەن وە بەڕێز ئۆجەلان ڕێگای پێ نەدراوە بە شێوەی پێ ویست پەیوەندی بە پارێزەرەکانی بکات، ڕێگای پێ نەدراوە فایلەکانی خۆی ببینێت، لێ دوانی بەڕێز ئۆجەلان لە گەل پارێزەرەکانی هەردەم زۆر سنوردارو لە ژێرچاودێری بوە.
2. بەڕێز ئۆجەلان بەپێ ی برگەی 3 مادەی 5 لە ڕێککەوتنامەی ئەورپی بۆ مافی مرۆڤ مافی پێ شێلکراوە چونکە تورکیا وەکو ئەندامێکی ئەم ڕێککەوتننامەیە یەکسەر پاش دەستگیرکردنی بەڕێز ئۆجەلان بەڕێزیانی نەبردۆتە پێش دادوەر بەلکو ئەم مافەی بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ پێ شێلکراوە.
3. تورکیا برگەی 4 مادەی 5 ڕێککەوتننامەی ئەورپی مافی مرۆڤی پێ شێلکردوە چونکە بە ڕێز ئۆجەلان ڕێگەی پێ نەدراوە کەوا دژ بە پێشێلکاری مافەکانی پەنا بۆ هۆی یاسایی بەرێت.
4. بۆیە دادگا حکومەتی تورکیا بە ڕادەی 100000 سەد هەزار ئۆیرۆ سزا دەدات.

ئەوەی لەم بڕیارە بە دیار دەکەوێت ئەوەیە کەوا دادگای ئەورپی بۆ مافی مرۆڤ دادگایی کردنی ئۆجەلانی پوچەلکردۆتەوە چونکە دادگاکەی تورکیای بە دادگایەکی یاسایی نەزانیوە.

جا هەر کوردێکیش لە لای خۆیەوە ئەگەر بە ویژدانەوە هەلوێست بنوێنێت جا هەر بۆچونێکی سیاسی هەبێت ئەوا دەبینێت کەوا ئۆجەلان لە پێناوی کێشەی میللەتەکەی واتە لە پێناوی هەریەک لە ئێمە یەخسیرو زیندانی کراوە ئەگەر نا ئەمیش هەرزو دەیتوانی پشت لە چەوساندنەوەی میللەتەکەی بکات یاخود وەکو سیاسی یانی تر ببێتە هەلقە لە گوێ ی ئەمو ئەو ئەم کات لە جیاتی ئەوەی ئەم زیندانو ئەو زیندانی پێ بکەن ئەم کورسی و ئەم کورسی یان پێ دەکرد هەروەکو بە چاوی خۆتان دەیبینن.